# دێباتێک لەسەر قەتڵیناموسی

## فائق عبدالهی‌پور

بەشدداربوانی دێبات :

مۆنا سالین، کووردۆ ناموسی، کەژاڵ خدر، سەرنووسەری گۆڤاری ژن،

قسەکەریکۆمەڵەکوردییەکان، نوێنەری رێکخراوی ئافرەتانی کوورد، دوو ژنی کووژراو لە

هەولێر و سلێمانییەوە بە نوێنەرایەتی لە لایەن رێکخراوی چەند هەزار ژنی کوژراو لە

شارەکانی ژیر دەسەڵاتی "حکوومەتی هەرێم"، کوردێکی مۆدێرنی بێ سمێڵ.

بابەتی بەرباسی دێباتەکەکووژرانی کچێکی **۲۶** ساڵەیە لە لایەن باوکییەوە.

کەژاڵ خدر:

فاتمە بە دەس باوکی مێشکی پرژا!

کووردۆ ناموسی:

ژنە قەی چیەکا، بەلاّم ئابروی کوورد تکا.

یەکێ لە ژنەکووژراوەکان:

فاتمەش وەک ئێمە خۆری ژیانی دامرکا.

قسەکەری کۆمەڵەی کووردی:

بەم کارە ئابرووی کوورد و کولتوری کووردی نەما!

سەرنووسەری گۆڤاری ژن:

بکوژی فاتمە، دەستی نەریتی کۆن، سەری پیاوەزنی، چەکی ئیسلام و زمانی "سالین"
بوو.

کووردۆ ناموسی بە بزەوە:

باوکی کووردێکی بە غیرەت و بە ناموس بوو.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

کەژاڵ خدر:

ژن کوژی رووی ئەودیوی بەربەرییە.

مۆناسالین:

ئەم هەڵوێستە دژ بە کوورد و چەپرەوییە.

ژنە کوژراوەکان :

لە زۆر بنەماڵەی کووردا فاتمەیەک هەیە.

کووردی بێ سمێڵ:

سەرەنجامی گشت سۆزانییەک هەر ئەمەیە.

سەرنووسەری گۆڤاری ژن:

ژن مافی ژیان، سێکس، هەڵبژاردنی قژ زەرد و رەشپێستی هەیە.

نوێنەری کۆمەڵەکووردییەکان:

هاوسەری کچەکوورد، کەرە، بەڵام تورک و عەرەب و ئەوروپی نییە.

کەژاڵ خدر:

لە سایەی ئایین، نسبییەتی کولتوری و پیاوەتیدا، فاتیمە، نە یەکەمە نە ئاخرییە.

کووردۆ نامووسی:

نموونەی شەرەف و نامووس باوکی بە جەرگی فاتمەیە.

یەکێ لە ژنەکوژراوەکان:

روژژمێری حکوومەتی هەرێم، روژژمێری رەشەکووژی ژنانە.

کوردە بێ سمێڵەکە:

روژژمێری کووردی، روژژمێری پیاوەتی و قارەمانی پێشمەرگانە.

کەژاڵ خدر:

هەولێر مەڵبەندی تەراتێنی ژنکووژانە.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

کووردۆ ناموسی:

هەولێر مەڵبەندی تێکشکانی "هۆلاکۆخانە".

سەرنووسەری ژن:

لە قەڵادزێ، لە هەولێر و لە سلێمانی، هەر ڕوژە چەند فاتمە دەبن بە قووربانی.

نوێنەری ڕێکخراوی ئافرە تانی کوورد:

بەمانە ناڵێن قووربانی، پێیان ئەڵێن سۆزانی.

یەکێ لە ژنەکوژراوەکان:

ئەرکی هەرکەسێکی مۆدێرنی خاوەن ویژدانە ئەم کارە بکا ئیدانە.

کووردی بێ سمێڵی خۆ پێ مۆدێرن:

مۆنا سالین وتەنی، ئەم ژن کووژییەمایەی پاراستنی شەرەف و ناموسی خێزانە.

سەرنووسەری ژن:

ژن کووژی دیاردەیەکی باوی ناو کولتوری کووردانە.

کووردۆ ناموسی:

بروا بکەن کوولتووری کووردی وەکوو ئیسلام بێتاوانە.

بەڕێوەبەری دێباتەکە:

داوا لە بینەران ئەکەین کە بە تەلەفۆن و بە ئیمایل پەیوەندیمان پێوە بکەن!

یەکێ لەژنەکوژراوەکان:

ڕێژەی کوشتنی ژنان لە کووردستان هەزارانە.

SMS ی چەند کووردێکی پێشکەوتووی بێ تەسبێح و بێ جامانە:

ئەمە تەنیا درۆی چەپ و کۆمۆنیستەکانە.

کەژاڵ خدر:

خەستەخانەکانی ڕانیە، هەولێر و سلێمانی پرن لە ژنی سووتاوی وەک زووخاڵ.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

کووردۆ نامووسی:

ئاخر تۆخوا سووتانی ژنیش بوو بەهەواڵ!؟

دیسان کووردۆ نامووسی:

کولتوری کووردی پاکە و مرۆڤانە

دژی کوشتن و برینی ژنانە

کوشتنی چەند هەزار ژن لە سلێمانی و لە هەولێر

هێشتا ناگاتە کوژراوەکانی کەمپەکانی هیتلێر

کەوابووکولتوری کوردی لە ئەورووپی باشترە

گۆشتخۆر فرەن، هەر ناوی گورگ باوترە

سویدی و ئۆکراینی و ئۆردوو

ژن ئەکووژن بێ یەک و دوو

بۆوەی ژن کوشتن سەهل بێ

ئەبێ کورد حکوومەتی هەبێ

ئەبێ پێشکەوین لەگەلان

لەبواری کووشتنی ژنان

نوێنەری رێکخراوی ئافرەتانی کورد:

لە سایەی حوکمەتی هەرێم

ژن ئەکووژرێ لەسەر "خەنێم"

دیسان نوێنەری رێکخراوی ئافرەتانی کورد:

وەک ئەڵێن لە سوید کووشتنی ژنی سۆزانی تاوانە

کەوابوو برای کورد گوێ بگرە لەم پەندانە

لەجیاتی کووشتنی کچەکەت

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

مارەی بکە لە پوورزاکەت

"سالین" ئەڵێ ئەمەکولتوری کوردانە( ١ )

لای یاسای سویدی جێگەی رێزە و گەلێک جوانە

کوردێک کە رووخسەت نادا بە کچەکەی بچێتە دیسکۆ:

هەر چەند فاتمە "سۆزانی" بوو

نافەرمان و "بێ بن" بوو

با لە ناشتنی‌دا بەشداری بکەین

لای سویدییەکان گەلی کوردی پێ رووسوورکەین

نوێنەری کۆمەڵەکوردییەکان:

داواکارین لە کچەکوردان

بۆ بەرگری لەکووژران

دان بەسەر کوزیان داگرن

حەیای باوک و برا راگرن

شێرەکوری کورد هەڵبژێرن

لەئەورووپی روو وەرگێرن

مزرە شەقی کوری کوورد

لادە لە مەسیحی و یەهوود

رووسووربکە بنەماڵەکەت

شوو بکە بەکورە مامەکەت

قەیناکا دژبە ژن و قسەناخۆشە

پاروو لەزار بترازێ بۆ کۆش باشە

ئەمجارەیان کەژاڵ خدر، سەر نووسەری گۆڤاری ژن و دوو ژنەکوژراوەکان دەنگیان

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com

هەڵبری روو لە ژنان:
با ئەم راستییەبگاتە گوێی هەموو جیهان
ژن ئەسووتێ، ژن ئەکوژرێ لەکوردستان
بەدەستی مێرد، باوک و برا
بە بیانووی شەرەف، نامووس و حەیا
با ژنانی کوردستان
گوی رایەڵن بۆ گفتمان
کولتوور، حەیا، نامووس و پیاوەتی
بۆ ژن بوونە کۆت و بەندی کۆیلەتی
شەقێ تەر بدەن بوێرانە
لە نامووس و کولتووری پیاوانە
ئەمە یەکەم هەنگاوی رزگاریمانە
لەم جەهەننەمەی ناوی ژیانە
020124:
١- مونا سالین وەزیری Integration سویدە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.fineprint.com